# بێدەنگی لەو فڕۆکەوانانەی.. هەڵەبجەیان کیمیابارانکرد تاوانە!! ... دەرسیم دیبەگەیی

هەینی 29. 9. 2006
Darsim2006@hotmail. com



لەمێژە خاکی کوردستان کێڵگەی تاقیکردنەوەی تاوانەکانی دوژمنانەو، جەستەی گەلی کوردیش مکۆی ئێشو ئازارەکانیانە. یەکێ لەتاوانە هەرە گەورەو ترسناکەکانی جیهان کە بەدەستووری بڕیارەکانی یاسای نێودەولەتی قەدەغەکراوە بەکارهێنانی کیمیاو، بۆمبو چەکە کۆکوژیەکانە. بەڵام کورد قوربانی ئەم دووتاوانەو تاوانە جۆراوجۆرەکانی ترە، سەدام حوسێن پاڵەوانی وێرانکردنی کوردستانو قەلاچۆکردنی کوردستانییەکانە، چەندان جارو لەچەندان ناوچەو مەڵبەندی کوردستان بەبێ سڵەمینەوە چەکی کیمیاوی بەکارهێنا، کوردی دووچاری هەڕەشەی لەناوبردن کرد!!

دیارە گرتنی سەدام بەتەنێ پاساو نیە بۆ وازهێنانو فەرامۆشکردنی ئەو بکوژانەی کە بەشداربوون لەو تاوانە گەورانە. کیمیابارانکردنی هەڵەبجە گەورەترینو زیندووترین تاوانی سەدامو ئەنجامدەرانیەتی. ئەمەش سەلمێندراوە بەدەقی قسەکانی وەفیق سامەڕایی کە لە لاپەڕە (104) ی پەرتووکەکەیدا – حگام البوابە الشرقیە – دا دەڵێت: (ڕۆژی 16. 3. 1988، پەنجا فڕۆکەی ئێراقی هەریەکەو چوار بۆمبی کیمیاوی 500 کیلۆگرامی فڕێدایە سەر شاری هەڵەبجە) .

هەروەها سەرەکسوپای ئێراقی ڕاکردووی ئەو سەردەم (نەزار عەبدولکەریم ئەلخەزرەجی) کە لەدیمانەیەکی کەناڵی - ئێم. بی. سی - بەرنامەی گفتوگۆی هەفتە (حوارالاسبوع) لە 10. 11. 2001دا بەکورتی دەڵێ: (فەریق کامیل ساجید، فەرماندەی فەیلەقی یەك، بە تەلەفۆن پێیڕاگەیاندم کۆمەڵێك فڕۆکە هەڵەبجەیان کیمیابارانکرد. پرسیم فڕۆکەکان ئێراقی بوون؟ گووتی: بەڵێ فڕۆکەکانی خۆمان بوون) !!.

تاریق حەنا عەزیزی جێگری دیکتاتۆرو وەزیری دەرەوەی ئێراق، لە وەڵامی پرسیارێکی ژمارەیەك لە سیناتۆرانی ئەمریکیدا گوتی:- (بەڵێ بەدڵنیایی ئێمە چەکی کیمیاویمان لەدژی ئەو خەڵکە دواکەوتووانە بەکارهێناوە. ئەگەر چەکی ئەتۆمیشمان هەبوایە لە دژیان بەکارمان دەهێنا) .

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ژمارە (3320) ی 16. 3. 2004دا ناوی (10) فڕۆکەوان لە ئەنجامدەرانی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەم شێوەیە ئاشکرا دەکات:-

1. عەقیدی فڕۆکەوان کەمال نوری فەتاح – دانیشتووی بەغدا.
2. عەقیدی فڕۆکەوان ناسر عۆدە ئەلوادعی – دانیشتووی بەغدا.
3. عەقیدی فڕۆکەوان ئەیاد عەبدولجەبار ئەلهاشمی – دانیشتووی کوت.
4. عەقیدی فڕۆکەوان سامر عەبدوڵلا نەسری – دانیشتووی بەغدا.
5. عەقیدی فڕۆکەوان نافیع عومران ئەلتکریتی – دانیشتووی تکریت.
6. عەقیدی فڕۆکەوان عەممار عەبدولخالق محەمەد ئەلدبونی – دانیشتووی موسڵ.
7. عەقیدی فڕۆکەوان عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق ئەلحەدیسی – دانیشتووی دیالە.
8. عەمیدی فڕۆکەوان سەلاحەدین زێدان ئەلعانی – دانیشتووی ڕومادی.
9. موقەدەمی فڕۆکەوان موحەمەد عەلی ئەلدوری – دانیشتووی سامەڕا.

10. فرۆکەوان حەسەن عەبدولمەجید ئەلتکریتی – دانیشتووی تکریت.

کەچی هەفتەنامەی ئەلموئتەمەر، ژمارە (270) ی مانگی سپتێمبەری 2001، ناوی چوار لە ئەنجامدەرانی ئەو کیمیابارانەی ئاشکرا کردووە کە لە لیستی سەرەوە ژمارەکانیان (8، 7، 6، 5) ن.

من کە دنەی مەرگەساتو کارەساتی ئەو رۆژە رەشەی هەڵەبجە دەدەم، نە بۆ ئەوەمە کە برینی نەتەوەکەمی پێبکولێنمەوە وە نە بۆ ئەوەشمە سەوداو سازشو بازرگانی پێوە بکەم!!! وەك لەلایەن هەندێ لایەنو هەندێ کەس پێیکراوەو پێیدەکرێت!!! بەڵکو ئەوە لەبەرچاو دەگرم کە گەلەکەم ئەو گەلەی، سەرباری ئەم زەمینە ڕەخساوەی ئەمڕۆ ئینجا گەلێك لەمافە بنچینەییەکانی تێچۆلاندراوەو تێدەچۆلێندرێت، پەردە پۆشکراوە، کە زۆربەی هۆکارەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ (منمنۆکێی) رامیارییەتی پارتایەتی کوردیو سەرانی کوردستانی!!

ئەمڕۆ رۆژی ترسانو خۆ لە گێلیدان نەماوە!! چونکە هەتا بە گروپەکانی کورد ڕادەگات تێکڕای گروپەکانی ئێراقی (ئەگەر راست بکەنو تەنیا قسە نەبێت) کەلە قادێکە (مەیدان) ی، ئەمڕۆی ئێراق دەنگیان هەیە، کۆکن لەسەر سڕینەوەی هەموو ئەو رەفتارو کردارانەی دوێنێی رژێمی دیکتاتۆر پیادەی کردبوو، هەمووی بانگێشەی ئەوە دەکەن کە تاوانکاران بخرێنە بەردەم دادگای گەل. گروپە رامیارییەکانی کوردیش لەهەموو کاتێکی تێپەڕیوو، پتر دەنگو رەنگیان هەیەو، قسەو کردەوە رۆیشتووترن. لێ مخابن لەکاتێکا لایەنێکی سەرەکین بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم کارە پیرۆزانە، وەك لەدەرەوەی بازنەی کێشەکاندابن رەفتار دەکەن!! دەمڕاستەکان هەرهێندە مامەڵە بە تاوتوێکردنی دادگاییکردنی تاوانکاران دەکەن، کە پێتەرازووی ململانێی خۆبەخۆیی پێ یەکسان بکەن!! یان پێی فێڵ لێکتری بکەن، ئەمیان خەلکانێك دەلاوێنێتەوە کە دەستی سوورە بە خوێنی کورد، ئەویتریان بۆ ئەوەی گۆڵی لێنەکرێ، هانا دەباتە بەر کارێکیتر کە کێشەی کوردی پێتووشی زیانێکی گەورە دەبێ. ئەوا ساڵو چەند مانگێك (ئێستا 3 ساڵو نیو) تێپەڕیوە بەسەر رمانی تەلاری دیکتاتۆریەت کە دڕندەترین دوژمنی سەرسەختی گەلی کوردستان بوو، هەروەها لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنەی نەبوو!! کەچی تائێستا هیچ هەوڵێکی بەرچاو نەدراوە بۆ لێپێچینەوەو، لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە بەرانبەر ئەنجامدەرانی تاوانەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شەهید.

لەجیاتی ئەوەی دەبوو گەرماوگەرم، لەچرکەساتی روخاندنی ڕژێم ئەم ئەرکە نیشتمانییانە بخرێنە هەرە پێشەوەی خشتەی بەرنامە هەنووکەییەکان، مخابن (فەرهوودکردنو کارە لاوەکیەکان) نەك هەر شوێنی کارە پیرۆزەکانی گرتەوە، بەڵکو (منمنۆکێ) !! چەندین ناوچەو دوو شاری هەرە دێرینی کوردی دۆڕاند. کەرکوك (نۆزا یان ئارابخا)، .. کە بۆ یەکەمجار، گۆتییەکان کردیانە پێتەختی خۆیان.. هەتا هاتنی عوسمانیەکان – 100% ی کورد بوون.. لەبەر ململانێ و بێهەلوێستی کوردانە، ئەوا خەریکە لە کەلێنی پەنجان بەردەبنەوەو خەڵکانیتر لێمان کراون بە کەڵەگاو، بەفیتی ململانێ یەکسانن لەهەموو بوارەکانی شار!! ئەو ململانێیە بەرتەسکەی پارتایەتیە وا خەریکە دروشمەکانی (کەرکوك دڵی کوردستانەو) (کەرکوك قودسی کوردستانە) !! لەبیر گەلی کورد دەبەنەوە. ئەو دوو دروشمەی هەزاران کورد خۆی لەپێناودا بەختکرد. ئەو کەرکوکەی کە لە مێشکی هیچ کوردێدا نەبوو، رۆژێ دادێ بەدەستی دەمڕاستانی خۆمان بەئاسانی پێشکەشی میوانانی دەکەن!!!

دووەم شاری کورد شاری (نین= نوون ئاوا) کە کوردی شەبەک کاتی خۆی دروستی کردووە، کەچی بەم دواییە سیاسەتی عارەبی ئێراقی، بۆ تێبزرکردنی راستیو بۆ بەعارەبکردنی ناوی ئەو شارەی گۆڕیو کردی بە موسڵ. (نین ئاوا= نوون ئاوا) واتا شاری یان گوندی – نون – پێغەمبەر. ئەو نوون پێغەمبەرە کوردەی کە قورئانیش ئاماژەی پێکردوە لە سورەتی الانبیا و - ئایەتی ژمارە 87 وە 88.

ئەم شوێنە چ وەك جوگرافیای كوردستان چ وەك خەڵكەكە هەموو لەهەمووی كوردستانو كوردنشین بوە، بۆ نموونە: (لیسترنج. كەی) كە لە پەرتووكی (بلدان الخلافه الشرقیه) دا لەلاپەڕە (88) دا ئاماژەی پێكردووە دەڵێ: (تا سەدەی چوارەمی كۆچی (دەیەمی زایینی)، دانیشتوانی شاری موسڵ، پاكەو پاكی كورد بوینە) . پاشان بەهۆی ئەو كۆچو كۆچبارییەی كە هەر لەسەرەتاوە پیشەی كورد بووە كۆچی زستانەو هاوینە بكەن (رحله الشتا و الیێف)، بەدرەنگەوە چەند هۆزێكی عەرەبی بیابانی شام مرخیان لەشوێنەكە خۆشكردو، دوای نەخشەیەكی دارێژراو ئەم شارەیان داگیركرد لەوكاتەی كە شار چۆڵكرابوو) .

پرۆفیسۆر دكتۆر رادۆڤان پاڤیچ، مامۆستای مێژوو لەیەكێ لە زانكۆكانی یۆگۆسلافیای كۆن، لە پەرتووكی "جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی كورد لەخەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتیو سیاسی"دا لە وەرگێڕانی مەحمودی مەلا عزەت، باسی ئەوە دەكات كە ئیبن بەتوتەی عەرەبیش دەڵێت: (كە چومە موسڵ، خەڵكەكەی بە زمانێك قسەیان دەكرد كە عەرەبی نەبوو) . جگە لەوانەش چەندان چاوگی تریش ئاماژە بەم ڕاستیانە دەكەن.

دوای ئەوەش وەك لەبەرچاوان دیارە، هەر لەوكاتەی دەوڵەتی ئێراقی لەنێو ئەم چوارچێوەیەی ئێستای سنووربەندكراوە، حكومەتە عارەبییەكانی ئێراق، بێهەدادان لەخەمی بەعارەبكردنی ناوچەو شارەكانی كوردستاندا بووینە. تاوای لێهات بەشێكی زۆر لە كوردان ناچار دەكرانو هاندەدران ببنە عارەب – سەردەمێك كورد بەچارەگە دینارێك، دەكرا بە عارەب (مەبەست لەنووسینی داواكارییەكو كڕینی پوولێكی 250 فلسییە لەپێناوی گۆڕینی نەتەوەی خۆی لە كوردەوە بۆ نەتەوەی عارەب بەگوێرەی بڕیارە بێ شەرمییەكەی بەناو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشەكەی سەددامو بەعس، ژمارە (199) لە 6. 9. 2001دا، كە دەبوایە كوردەكان داواكارییەك پێشكەش بكەن بۆ گۆڕینی نەتەوەی خۆیان بۆ عارەب، سەدامو بەعس ئەو كارەیان ناو نابوو ڕاستكردنەوەی نەتەوە) !!!

دوای ئەم هەموو ڕاستیە مێژووییانە جێگەی داخو سەرسوڕمانە دەمراستانی كوردی ئەمڕۆ وەك هیچ لە (ئەلف و بێی) مێژوو و جوگرافیای نەتەوەكەو، وڵاتەكەیان نەزانن!!! دەڵێن موسڵ شارێكی عارەبیەو، - كەركوك – هی هەموو ئەو نەتەوانەیە كە لەسەری دەژین!!

تێبینی: ئەم ووتارەم لەڕۆژی پێنجشەممە 29. 7. 2004دا نووسیوەو، لەژمارە (167) ی ڕۆژنامەی میدیا، یەكشەممە 1. 8. 2004دا بڵاوكراوەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی چەند رۆژێك لەمەوبەر یەكێك لە فڕۆكەوانەكان بەناوی (ئەبو ئەحمەد) كە خۆی بەشداری كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجەو دێهاتەكانی تری كوردستانی كردبوو، لەبەرنامەیەكی ڕاستەخۆی كەناڵی (الفیحا و ) ی عارەبە شیعەكاندا، دانی بەوەدانا كە كوردستان بەفەرمانی سەددامو داروودەستەكەی كیمیاباران كراوەو، فڕۆكەكانیش لە كەركوك-ەوە هەڵساونو بۆمبی كیمیاوییان هەڵگرتووەو بەسەر شاری هەڵەبجەو گوندەكانی كوردستانیاندا باراندووە، هەروەها باسی ئەوەیكرد كە ناوی یەكە یەكەی فڕۆكەوانە بەشداربووەكانیش دەزانێت، بۆیە بەپێویستم زانی بۆ دووەمجار بڵاوی بكەمەوە بە هەندێک دەستكارییەوە.